## چاوپێکەوتنی ڕادیویی هاموون لە گەڵ نووسەرو ڕۆژنامەنووس (تەها سلێمان)

ئەم چاوپێکەوتنە پێش چەند مانگێ بۆ ڕادیویی هاموون لەسلێمانی ئەنجام دراوە ، بەپێویستم زانی بۆزیاتر شارەزابوون بەدیدو بۆچوونەکانی (تەها سلێمان)لێرەدا بلاّوی بکەمەوە. دیارە پێویست بەوە ناکا لێرەدا پێناسە بۆ تەها سلێمان بکەین ، ئەو لەناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دا دەنگێکی دیارو ناسراوەو خاوەنی دیدی تایبەتی خۆیەتی لەمەڕ ڕووداوو پێشهات و گۆڕانکارییەکان، بەخوێندنەوەی چاو پێکەوتنەکە دەتوانرێ ئاشنای ئەو دیدە تایبەتیەیی تەها سلێمان بین.

### ئامادەکردنی : پشتیوان/گەرمیان

### +گەنج لای تۆ چییە، پێناسەت بۆ گەنج ؟

-دەتوانین بلێین گەنج داینەمۆی سەرجەم گۆڕانکاریەکانی کۆمەلگایە،بە مانایەکی تر دەتوانین بلێین ئایندەی کۆمەلگا لە سەرجەم کایە جیاجیاکان( فیکری ،سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەلاّیەتی)..هتد لە سەر شانی گەنج ڕاوەستاوە بۆیە دەتوانین بلێین گەنج بە پێناسە گشتیەکەی ئەو ڕوحە زیندوەیە دەتوانێ ببێتە سەر مەشقی هەموو گۆڕانکاریەك لە پێناو ئایندەیەکی باشتر.

### +تا چەند هەست بە گەنج بوونی خۆت دەکەی؟

-گەنج بوون دوو دیوی هەیە،دیوێکی ڕەنگە لە ڕووی تەمەنەوە لە تەمەنی گەنجێتیدا بێت و ڕەنگە کەسێکیش تەمەنی تێپەڕبووبێت لە ڕووی قوناغەی گەنجێتیەوە بەلاّم ڕوحی گەنجە عەشیقی بۆ جولە و کارکردن گەنجە و بۆچون و بینینەکانی گەنجانەیە، لە بەر ئەوەش تا ئەم ساتەش بێجگە لەوەش تەمەنم تێپەڕی نەکردوە لەو قۆناغەی بۆ گەنج بوون دیاری کراوە،بەلێ هەست بەگەنج بوونی خۆم دەکەم، هەستیش دەکەم زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەرك وئیشانەی لەسەر شانمەو ڕایان دەپەڕێنم ڕوحێکی گەنجانەی پێوە دیارە وئومێدەوارم وابێ لە دەرەوەش ئەم حسابە بۆ جوولە وئیشی من کرابێ لەو ناوەندەی کەتێیدا دەژیم وکاردەکەم چی سیاسی وچی رۆشنبیری وچی لە ڕووی ئەدەبیەوە ئەگەر وابووخۆشحالّ دەبم.

### +گەنجی ئەمرۆ بۆ بێزارە لە دەسەلاّت ، هۆکاری ئەم بێزاربوونە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە، بەتایبەت بێزاری گەنجانی گەرمیان؟

-بێزار بوونی گەنج بە تایبەت گەرئەم پرسیارە تایبەت بێ بۆ کۆمەلگای کوردی، دەتوانم بلێم نەك گەنج کۆی چین وتوێژەکانی کۆمەلگای کوردی ئەمرۆ، بە شێوەیەکی بەرفراوان تورەو بێزارن لە دەسەلاّت، بێزاربوون و تورەبوونی چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەلگا لە دەسەلاّت، گەنجیش وەك توێژێکی کارای نێو ئەو نارەزایەتیە ،یەك ڕەهەندێکی بنەڕەتی هەیە ئەویش ئەوەیە هەر چین

وتویــژێك لــه چــین و توێــژەكانی كۆمــەڵگا، دەســەڵات بەرپرســیارە لــە بەرامبــەر دابــین كردنــی پێداویستیەكانی ژیان، لەبەرامبەر مكۆم كردنی پێداویستیەكانی كۆمـەڵگا لـە بـچوكەوە بـۆ گـەورە ولـە گـەورەوە بـۆ بـچوك، بـۆ خـۆم وای دەبیـنم و زۆر جـاریش قـسەم لـە سـەری كـردوە وەك نوسـین، كـە دەسـەڵاتی كـوردی لـە مـاوەی لـە دوای راپـەڕینی سـاڵی 1991 ەوە نەیتوانیـەوە وەڵام بـەكۆی پرسـیارە بنەڕەتیەكانی چین وتوێژەكانی كۆمەڵگای كوردی بداتەوە لە ناویشیاندا توێژی گەنج، كە گەنج گـەلێك بەتایبـەت ئەوگەنجانـەی كـە دوای  راپـەرینی سـاڵی 1991  لـە دایـك بـووبێ یـا گـەر منـداڵ بـووبێ، بەراستی ئەوە ناخوێننەوە سەروەرییەكانی تۆ لە شاخ چییە؟ قوربانییـەكانی تـۆ لـە شاخ چیە؟بەقەد ئەوەی كە ئەو گرنگ ترین شت بەلایەوە ئەوەیە  پێداویـسیتیەكانی ژیـانی بـۆ دابـین بكـرێ، بـیر لـەوە دەكاتەوە تۆ چەند كۆمەڵگات پێش خستوەو كـار بـۆ كووشـتن و تێكشكاندنی بابەتـە ناشـرینەكانی نـاو كۆمەڵگا دەكەی یان چەندت كاركردوە لەو بوارە، كرۆكی ناڕەزایەتیەكان و تووڕەبوون و بێـزاری بـوونی لەیەك ئاستی گرنگ دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئـەویش ئەوەیـە كـە بەڕاسـتی دەسلاٚتی سیاسـی و ئیـداری پڕۆژەی  كلتووری خەساندنی مرۆڤەكانی بەرفراوانتر كردوە لەماوەی ئـەو سالاٚنەی دوای ڕاپـەڕین یـان بەپێـچەوانەوە كـاربۆ تێكـشكاندنی پایـە كۆنكریتیـەكانی ناكـاو لـە جێگایـدا بەرهـەم هێنـانی كلتـوورو پڕۆژەی ئیشكردنی سەردەمیانە و مەدەنیانە ، ئەگـەر هـەموو ئەمانـە و زۆری تـر لـەناوەخنی پـڕۆژەی دەسلاٚتی سیاسی و ئیداری كۆمەڵگای كوردسـتاندا بـوونی نـەبێ یـان غایـب بـێ و كـار بـۆ دابـین كردنـی نـەكرێ بێگوومـان  گـەنج وچین و توێـژەكانی تـری كۆمـەڵگاش  بێـزار دەبـن،  بـە دڵنیایـشەوە توێـژی گەنجان لەهەموو زیاتر بێزار دەبن. بـاڕوونتر قـسەبكەم خـەڵك بێـزار دەبـێ تێكـڕای خـەڵك بێزاردەبـێ گەنجیش  لەناو تێكڕای بێزاریەكانی خەڵكدا توێـژێكی بەرفراوانە،ئەگـەر كـۆی ئـەو پێداویـستیانە كـە باسمـان كـرد بـۆی دابـین بكرێـت بێگومـان ئـەو بێزارییـە دەرەوێتـەوە بـەلاٚم دەسـلاٚت،نەیتوانیەوە رووبـەرووی دۆخ ودۆز وئـەو رەوشـانە بێتـەوە كـە لـە سـەر ئاسـتی كۆمـەڵگای كـوردی و چـوار دەوری كۆمەڵگای كوردی دەگوزەرێت بۆیـە بـە شـێوەیەكی بـەرفراوان هەسـت بـەو نارەزایەتییـە دەكریت،گـەر دواتر پرسیار هەبێ لە شێوەی نارەزایەتییەكانی گەنج وخەڵك،پێم وابێ دەتوانین بچینە سەری چونكە بۆ خۆم نارەزایەتیەكی نا رێكخراو ،واتا لە شێوەیەی لاكۆڵان ولەشـێوەی شـەقام ولـە شـێوەی كـەس ولـە شێوەی پچڕ پچڕە نەك لە شێوەیەكی  رێخكراو لە سەر ئاستی كۆمەڵگای كوردی دەبینم، بۆئەوەی لانی لانی كەم لە بەرامبەر بـێ وەڵامـی لـە سـەر ئاسـتی ئـەو پرسـیارە رەوایانـەی كـە كـەنج و چـین وتوێـژە جیاجیاكانی كۆمەڵگا دەیكا  دەسلاٚت بێنیتە پایی وەڵامدانەوەی بابەتی و لۆژیكی.

## + بە رپرسانی گەرمیان تا چەند گوێ لە داواكارییەكانی ئێوە دەگرن؟

- بۆ چونێكم هەیە چونكە ناكرێت ئێمە بە متلەق(رەها)قسەبكەین ، قسەكردن بـەرەهایی نـە ئامـانج دەپێكـێ و نـەش دەتـوانێ ببێتـە دیـدێكی بابەتیانـە بـۆ بینینـی (لەوحـە)ی بابـەتێكی دیاری كراو كەتۆ دەتەوێ جێی گفتوگۆ و باس و خواسی تۆ بێت ، لەبەرئەوە لەناو بەرپرسانی گەرمیانیـشدا رەنگـە كۆمەڵـە خـەڵكێ هـەبێ نـەك ئامـادەنین  گـوێ لەخـەڵك بگـرن   بـەڵكو دۆخەكـە وای لێ هـاتووە كەنــەزانن گـوێ لـە خـەڵك بگـرن، بـەلاٚم رەنگـە لەناوهـەمان ئـەو بەرپرسـانی دەسـەلاٚت كەلـە سـنورەكەدان بەشـێوەیەك لەشـێوەكان گـوێ لـە خـەڵك بگـرن و

حەزیش بکەن گوێ لە خەڵك بگرن، بەڵام بەبڕوای من گرفت تەنها گوێ گرتنی ئەمان نییە لە دەسەڵات بەقەد ئەوەی کە گرفت لەسیستەمی دەسەڵاتە، دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی ئێمە کە دەبوو لەماوەی(15-16)ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بابەتی و لۆژیکانە پێکهاتە و هەرەمی شێوەی دەسەڵاتی پان عەرەبیزم و بەعسیزمی تێك بشکاندایە کەچی بەداخەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان پێی بزانین یا نەزانین لەناو سیستەمی حوکمڕانی و سیستەمی ئیداری ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە،بۆئەمە تۆمەتباری سەرکردایەتی ناکەم بڵێم بەئەنقەست ئەم سیستەمەی ڕابردوو زیندوو دەکاتەوەو کاری لەسەر دەکات،نا بەپێچەوانەوە بەڵام گرنگە قسە لەسەر تێك شکاندنی سیستەمی بەعسیزم و لەسەر تێك شکاندنی پایەکانی ئەو سیستەمە بکەین بۆ ئەوەی لانی کەم بتوانین لەمناڵدانی واقیعی کۆمەڵگای کوردیدا سیستەمێکی ئیداری پوخت کە ئەم سیستەمە ئیداریە لەسەر بناغەی بۆچوون گۆڕینەوەو لەسەر بناغەی تێکڕای ئەو بۆچوونە جۆراو جۆرانەی کەلە کۆمەڵگای کوردی بەباش و خراپیان هەیە بێتە بەرهەم و ببێتە سەکۆی ئیدارەدادنی کۆمەڵگا لەناو هزرو لەناو ئەو سیستەمە ئیداریەی کە کۆمەڵگای کوردی دەیەوێت کۆمەڵگاکەی بەڕێوە بەرێ..

- لەبەر ئەوەی وەك ووتم گوێ گرتن لەگەنج یان گوێ گرتن لە خەڵکی ناڕازی بەنیسبەت بەرپرسانی گەرمیان ئەو دوو شێوەیەی هەیە،ناشتوانم بەڕەهایی بڵێم بەرپرسان گوێیان لەخەڵك نەگرتووە و ڕەنگە لەوە کارەسات بارتر ئەوە بێ بەرپرسێکی هەبێ بڵێین ئەم بەرپرسە بەرپرسی شارۆچکەیەك بێت  یا بەڕێوەبەری ئاسایش یا پۆلیس یا پەروەردە بێت گوێ لەخەڵك بگرێت بەڵام گەر سەرووی خۆی جۆر نەبێت لەوەڵامدانەوە لەئاست ئەو پرسیارانەی کە گوێی لەخەڵك گرتووە و ئاراستەیان کردووە و پێویستی بەوەڵامدانەوەیە ئیتر ئەو بەرپرسە چەندیش گوێ لەخەڵك بگرێ کاریگەریەکی وای نابێ چونکە هەموو جارێك پرسیارەکانی بەبێ وەڵام دەمێنێنەوە،وەك زۆرجار دەبینین ئەم دۆخە دووبارە دەبێتەوە نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوچەی گەرمیان بەڵکو لەسەر ئاستی سەرجەم ناوچەکانی کوردستان.

## +گەر بێت و دەسەڵات لەسەر ئەم شێوازە بڕوات ئێوەی گەنجانی گەرمیان بەرنامەتان چ دەبێ بەرامبەر بەدەسەڵات؟

__بۆ خۆم گرفت دەبینم لێرە تێکڕای گەنجانی گەرمیان سەرەڕای ناڕەزایەتیەکانیشیان پێمان خۆشبێ یان نا دابەش بوون بەسەر کۆی ڕێکخراوە سیاسی و حزبە سیاسیە کانی ناوچەکە،واتا بۆ نمونە گەنج گەلێك دەبینین لەناو حزبی دەسەڵاتدا ناڕازین لەکار و کردەوەکانی دەسەڵات، لەناو تێکڕای حزبەکانی تریشدا گەنج گەلێکی زۆر هەن ناڕازین لەکار و پرۆژەو هیچ بەرنامەیەکی نی یە، بێجگە لەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان پێشتر ئاماژەم پێ کرد ناڕازیە ئەم ناڕەزایەتیەش ناڕەزایەتیەکی ڕێکخراوە نیە،کە ئێمە قسە لەسەر ناڕەزایەتی گەنج دەکەین دەبێ ئەوە بزانین قسە بۆ ئەوە نی یە دەبێ بەیانی تۆ بڕۆی یەخەی فەرمانگەیەك بگری و بیسوتێنی یان هێرش بکەیتە سەر فەرمانگەیەك تێکی بدەیت و تێکی بشکێنی نا،بەقەد ئەوەی قسە لەسەر ئەوەیە چین

و توێـژە جیاجیاکـانی نارەزاکـانی کۆمـەلگا بەگەنجیـشەوە تاچـەند بتـوانن دەسـەلات لەهـەر پلـەو پایەیەکدا بێت بیهێنێتە پای ئەوەی کە گوێ لە خەلك بگرێ و لەگەلّ گوێ گرتنیشدا دەبێ وەلامی پرسیارەکانی خەلك بداتەوە و لەگـەلّ وەلامدانـەوەی پرسـیارەکانی خەلكیـشدا دەبـێ ئـەو پرۆژانـە بخاتە بواری کار کردنەوە کە لەخزمەتی ئەو دەڤەرەیە کە ئاکامەکەی خەلکی تەواو نارازی کردوەو دەچـێتە بـەردەم دامەزراوەیـەك و پـەنا بـۆ کـاری توونـدو تیـژی دەبـا، چـونکە بۆخـۆت دەزانیـت لەماوەی پێـشوودا هەنـدێ حالـەت رووی داوە، بـۆ نمونـە خۆپیـشاندانێك دەکرێـت لەبـەر نـەبوونی کارەبا،چ پێویستت بەوەیە برۆیتە سەر فەرمانگەی ئـاو یـان فەرمانگـەی پـەروەردە تێـك بـدەی،یان خۆپیـشاندان دەکـەیت بـۆ باشـتر کردنـی بـواری پـەروەردە چ پێویـستت بەوەیـە برۆیتـە سـەر فەرمانگەی ئاو تێکی بشکێنی،تۆ خۆپیشاندان دەکـەی لـەم شـارە بـۆ ئـەوەی قایمقـام وەك یەکـەی ئیـداری شـار هەلـسێ بەچاکسازی کـردن و بـاش کردنـی شـێوەکانی هـەرەمی ئیـداری و پێکهاتـەی ئیداری لەم شارە، ئەی چ پێویستت بەوەیە برۆیت جادە تێك بدەیت؟!لەبەر ئەوە دەبێ گەنج ئەو بزانێ هەمووومان ئـەوە بـزانین کـە خۆپیـشاندان دەکرێـت......پـێم خۆشـە بـە بیـست رۆژ و مـانگ لەبـەردەم هـەر فەرمانگـە بـۆ ناتـەواویی و گەنـدەلّی و دیـاردە ناخزمەتگوزارییـەکان راوەسـتین وپالەپەستۆی بخەینە سەر لەبواری خۆیدا خزمـەت بکـات. بـەمانگ مـان بگیرێـت و دەرگـای ئـەو فەرمانگەیە هەلّچنێت و نەهێلێت بچێتە ژورەوە، پێم خۆشە کاریگەریـەکی وا دروسـت بکـات کـۆی کرێکار و فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەش بێنە پای نارەزایەتیەکەو نارەزایەتی دەربرن لەبەرامبەر ناتەواوی و گەندەلّیەکانی دەسەلات و فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی دەسەلات ببنە هۆکاری ئەوەی کە فشاری راستە قینە درووست کەن . بەپێچەوانەی ئەوەی تۆ دەسـت ببـەیت بـۆ شـتی خـراپ، لەبـەر ئەوە ئەبێ گەنـج کە باس لـەدەربرینی نارەزایەتیـەکانی دەکـات بەشـێوەی خۆپیـشاندان بەشـێوەی یاداشت نامە بەشێوەی مانگرتن بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان دەبێ ئەم حالەتە جیابکاتەوە تا ئەمە جیانەکاتەوە،ناتوانێ ببێتە هێزێکی رێکخراو و کاریگەر لەسەر ئاستی کۆمەلگا بەقـەد ئـەوەی وەك هێزێکی نارێکخراو وەك هێزێکی پەرتـەوازە لەسـەر ئاسـتی کۆمـەلگاو ئـەو دەڤـەرە دەمێنێتـەوە و نـاتوانێ کاریگـەریش دروسـت بکـات و ئـەوکات پـێم وایـە دەسـەلات بتـوانێ لـەناو ریزەکـانی ئـەم نارەزایەتیە دۆستایەتیەك بۆخۆی دروست بکات، تەنانەت بەشێوەیەك لەشـێوەکان نارەزایەتیـەکان ناشیرین بکات لەبەر چاوی خەلك.

## +حکومەت هەرێم کوردستان نالێین ئیـشی نـەکردوە بـەلام بـە پێـی پێویـست نی یە لە گەرمیان، نە باخچەیەك نە سینەما و....هتد ئەو باخچانەش بەناو باخچەن، هەموو ئەم هۆکارانـە وای نـەکردووە گـەنج بێـزار بێـت لەدەسـەلات بەتایبەت ئەگەر کەلار بکەینە نموونە؟

-زۆر بێ گومانم هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ ئـەو نارەزایەتیە،بـەلام ئەگـەر بەدیوەکـەی تـردا وەلامـی پرسـیارەکەی بـەرێزتان بدەمـەوە،دەتوانم بلێم نەخـشەی کـەلار نەخـشەی بنـەرەتی شـار نـی یـە ، گرفتی دەسەلاتی ئیدارەی کوردی ئەوەیە نـەیتوانیوە لـە پێـك هاتـەو نەخـشەیەکی ناشارسـتانیەوە

بگۆڕێ بۆ نەخشەیەکی شارستانی کە ئەمەی نەکرد دڵنیابە نارەزایەتیەکانی گەنج بەرهەمی ئەو بێبەرنامەیی دەسلاتە، ئەتوانم بڵێم نارەزایەتیەکان لەسەر ئاستی گەرمیان نەك تەنیا گەنج بەڵکو کۆی چین و توێژە جیاجیاکانی ناوچەکە نارازین لە پیرو پەککەوتەوە تادەگاتە گەنج و بەپێچەوانەشەوە ،بۆ نمونە لەم شارە کەبۆتە بنکە(ناوەندی)ی گەرمیان کافتریایەك نی یە کە گەنج بڕوات تێیدا پشوویەك بدات چایخانەیەك نی یە گەنج بڕوات تێیدا دانیشێت وئەگەر لەگەڵ دەسگیرانەکەی پێویستی بەوە بوو بچێتە دەرەوە پیاسەیەکی نیوسەعاتی بکات شوێنێك شك نابات، باشە هەموو ئەمانە پێداویستی گەنجە و لێرە دەست ناکەوێت، بۆخۆم ڕۆژێك لە ڕۆژان بێزاربم یا پێویستم بەوەبوو لەگەڵ برادەرێکدا لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆم و لەدەرەوەی بارەگا حیزبیەکان دوو سەعات بچمەدەرەوەو دیدارو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم نازانم لەکوێ دانیشم بەڕاستی،گەر تۆزێك زیاتر بڕۆم دەتوانم بڵێم هیوادارم دەسەلات و حیزبی دەسەلات و بەرپرسانی ئیداری زۆر بەچاوێکی بابەتیانە تەنها ئێواران لەفولکەی ناو بازاڕی شاری کەلارەوە تێپەڕن تا دەگەنە سەرووی شاری کەلار تەنها ئەو وێنەی ناو شار ببینن بەسە بۆ ئەوەی کە بزانن گەنجی ئەم شارە چەند بێ بەشە لەپێداویستیەکانی ژیان و ئەگەر ئەمەش بکرێتە بنەماو لاکردنەوە لەم شارە کەنار خراو و پەراوێز خراوە وەك نموونەی(شارەکانی تری گەرمیان) یان شارە کەنار خراوەکان، بێگومانم لەوەی کە دەتوانن خزمەتی ئەم ناوچانە و تێکرای ناوچە کەنار خراوەکانی تربکەن،چونکە ئەو ناوچە کەنار خراوانە هەمیشە لەگەڵ سەنتەر دژی یەکتری بوون ، بۆنموونەکە دەچمە سلێمانی هەست دەکەم لەشاردام بەلام دێمەوە کەلار هەست دەکەم نەك لە لادێیەکی پێشکەوتوودام بەڵکو لە لادێیەکی دواکەوتوودام لەڕووی پێکهاتەی شارەوە مەبەستمە لەبەر ئەوە دەبێ ئەم پرسیارەی خەڵك و گەنجە بگاتە دەسەلات کە بۆچی دەسەلات شارەکانی کەنار پەراوێز دەخات لەبەرچی گوێیان لێ ناگرێ وەك پێویست لا لە دابین کردنی پێداویستیەکانیان ناکرێتەوە و دەبێ ئەوەش بزانێ ئەم لانەکردنەوەو ئەم بایەخ نەدانە لە شار و شارۆچکەکانی کەنار لەسبەینێی داهاتودا دەبێتە نارەزایەتیەکی بەرفراوان ترو لەئێستاوە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئایندەی دەسەلاتی خودی حیزبی دەسەڵاتدار و تەنانەت ئایندەی سیاسی کۆمەڵگاش دیاری بکات.

## +پێت وانیە گەر دەسەلات خزمەتی باشتر نەکات لەگەرمیاندا گەنجانیش بێ ئومێد دەبن لە دەسەلات؟

بۆخۆم لەو ماوەی پێشوودا دووسێ جار دیداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمنیم کردوە، پێش پیکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ چەند برادەرێك زۆر قسەو گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد و هەندێ یاداشتمان پێشکەش کردوە بەمەبەستی لاکردنەوەی زیاتر و بەمەبەستی برەودان بەمەبەستی خزمەت گوزاری زیاتر لەم ناوچەیە،پێم وایە بەشێك لەگرفتی دەسەلات ئەوەیە بۆخۆم نالێم پرۆژە نی یە لە گەرمیان دەلێم پرۆژە گەلێك لەگەرمیاندا لەبەردەم کارکردنناندان، پێم وایە دەسەلات بەر لەپێشکەش کردنی پرۆژەی تر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك سەرپەرشتی ئەو پرۆژانە بکات کە لەناوچەی گەرمیاندا هەیە ئێستا بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێ

کردن و تەواو کردنی، دەتوانێ بەشێك لەگرفت و ناڕەحەتیەکانی ئەو شێوازە تەقلیدە ناڕێك و پێکەی کەلە پێکهاتەی ژیانی گەنجی ئەم کۆمەڵگایە و خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە کەم بکاتەوە بەلاّم بەداخەوە تا ئێستا بۆخۆم ئەو کارایە نابینم ئەو هەستی بەرپرسیارێتیە نابینم لەئاست ڕاپەڕاندن و جێ بەجێ کردن و سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی ئەو پرۆژانەی کە لە ناوچەکەدا لەبەردەم کارکردنداندن، بێجگە لەمەش دەبێ دەسەلاّت بەشێوەیەکی بەرنامە ڕێژیتر و بابەتیانە تر لا لە شارەکانی کەنار بکاتەوە، لانەکردنەوە لەشارەکانی کەنار ووتم سەرەنجام دەبێتە ناڕەزایەتیەکی بەرفراوان و بەجیدی پرسیاردروست کردن لەسەر دەسەلاّتی حیزبی دەسەلاّت و پرۆسەی ئیداری لەم کۆمەڵگایە.

## +گەنج و دەسەلاّت چی بکەن باشە بۆ ئەوەی ڕق و کینە لەنێوانیاندا نەمێنێ و پەیوەندی ڕاستەخۆش هەبێ لەنێوانیاندا بێ جیاوازی؟

-بەبێ ترس ڕەنگی خۆیان دەنگی خۆیان داوای خۆیان پرسیاری خۆیان بگەیەننە کۆی دام و دەزگاکانی دەسەلاّت، تەنانەت گەر چوونە بەر دەزگایەك دەرکرانە دەرەوە دیسانەوە بڕۆنەوە بەردەوام بن و هەوڵیش بدەن بەبێ جیاوازی بیر و بۆچوون و ئینتیما بۆ حیزب و سیاسەت خۆیان ڕێك بخەن و کۆدەنگ و یەکگرتووبن لەگەیاندنی ئەو داوایانە بۆشوێنی مەبەست و شوێنی بەرپرس و فەرمانگەو دەزگاو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەسەلاّت ئەمە نەکەن تەنها ناڕەزایەتیەکان دەبنە قسەی ناو کۆلاّن و ناو چایخانە، بەم شێوە دەتوانن دەسەلاّت بهێننە بەردەم ئەو بەرپرسیارانەی کەدەبێ گوێیان لێ بگرێ و پاش گوێ گرتن پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکات.

## +داواکاریت چیە لە ڕاگەیاندنەکان بۆئەوەی تیشکی زیاتر بخەنە سەر ئەم جۆرە باسانە؟

-ئەم هەنگاوەی هاموون بلێین لەسەنتەری شارەوە و دابەزینی بۆ ئێرەو گفتوگۆ کردن لەسەر دیاردەیەك لەدیاردەکانی کەنار ئەویش گەنج و دەسەلاّت ناڕەزایەتیەکانی گەنج لەدەسەلاّت بەهەنگاوێکی زۆر بوێرانە لەقەڵەمی دەدەم پێم وایە تێکڕای دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەم ڕێگایە بگرنە بەر و قسە لەسەر خەم و ناڕەزایەتیەی کەنار لەسەر ئاستی سەنتەر بکەن و ڕووبەڕووی دەسەلاّتی بکەنەوە، پێشم وایە هەنگاوێکی باش دەچنە پێشەوە لەنزیك کردنەوەی خەم و کێشەکانی کەنار بۆ سەنتەرو تەوزیف کردنی لەبەرنامەی کاری حکومەتدا.

## +گەر ڕاگەیاندنەکان باس لە کەم و کوڕی و گەندەڵیەکان بکەن و پەردەی لەسەر هەڵماڵن پێت وانیە کەم دەبێتەوە؟

-پێم وایە سەرەتایەك بۆ قسەکردن لەسەر گەندەڵی و دیاردەکانی گەندەڵی لەکوردستاندا هەیە ،بەلاّم دەبێ ئەو سەرەتایەبکەینە بناغەیەك تەنانەت بەر لەهەموو خەڵکێك حکومەت و دەسەلاّت بێنینە ئاستێك پێی قبوڵ بێت ئەو گفتوگۆیانە لەسەر گەندەڵی بکرێ، ئەکیدئەم سەرەتایەش کەهەیە دەبێ ببێتە ئەرکی سەرەکی تێکڕای ڕاگەیاندنەکانی بیستراو و بینراو و نوسراوو ئیشی

بۆ بکەن و فراوانی بکەنەوە و ببێتە نەریتی کارکردن ئەگەر کارکردنەکە بەم ئاراستەیە بڕوات پێم وایە دەتوانێ قسەیەك لەسەر کەم کردنەوەی دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا بکرێ،ئەگەر نا پێچەوانەکەی پێم وانی یە ڕێگا ڕاستەکەی ئەو مەسەلەیە بگرینە بەر.

### +وەك نوسەرو ڕۆژنامەنوس تیشکتان خستۆتە سەر ئەم باس و خواستانە؟

- لەجارێ زیاترو بەدەیان ووتارو نوسین قسەم لە سەر کۆی ئەو کێشانە هەبوەو هەروەها لە چەن فرسەتێکیشدا سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کردوەو لەدوو یاداشتی کورت کراو و چڕکراودا تێکڕا ئەو کێشەو گرفتانەمان خستۆتە بەردەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێیشمان وایە بەردەوام دەبین و بەردەوام بووینە، پێیشم وایە خەڵکی تریش لەدەرەوەی ئێمە دەبێ ئەم هەنگاوە بنێ بۆ زیاتر خزمەت کردنی گەرمیان و پێویستمان بەکۆ دەنگی یە پێویستمان بە یەکگرتوی و تەنانەت پێویستمان بە ریکخستنی نارەزایەتیەکانمانە تەنانەت دۆست و لایەنگرانی حیزبی دەسەڵاتیش دەبێ لەگەڵ حزب و ڕێکخراوە بەرهەڵست کارەنی تر و لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراسی و NGOکانی ناوچەکە و تەنانەت ئەو خەڵکانەی کە نە ئینتیمایان بۆ حیزب و نە بۆڕێکخراویش هەیە دەبێ یەکگرتووبن بۆ گەیاندنی ئەو داوایانە بۆ بەردەم حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و تێکڕای ئەو دەزگا پەیوەندی دارانەی کە کێشەکانی ئێمەی پێوە گرێ دراوە بۆ ئەوەی لانی کەم حکومەت بخەینە ژێر ئەو فشارەی کە دەبێ بەشێوە بابەتیەکەی وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد گوێ لەدەنگی کەنار و ڕەنگی کەنار و داوای کەنار و خەمی کەنار بگرن.

### +ئێوە کە سەردانی بەڕێز عمر فەتاحتان کرد بەڵێنی ئەوەیدا کە کەم و کوڕیەکان چارەسەر بکات؟

-بێگومان بەڵێنی ئەوەی داو قسەیشی لەسەر ئەوە کرد، هەندێ شت هەیە وەکو وویژدان بیخەینە ،جاری پێشوو لەسەر ئەنفال سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کرد لە سلێمانی پێش یەك گرتنەوەی ئیدارە (6-7)خاڵ کە پەیوەندی بەمەسەلەی ئەنفالەوە بوو بەڵێنی جێبەجێکردنی دا دواتریش بەشێکی زۆری ئەو خاڵانە جێبەجێ بوون ئەمەش بۆخۆی جێی دڵخۆشی بوو لە هەمان کاتیشدا جێی دڵخۆشی خەڵکیش بوو، لەگەڵ ئەمانەشدا پێم وایە ئەمە سەرەتایەکە بۆ داواکانی خەڵك، ئەگەر چی داواکان لەوە زیاترە، کێشە لەوە زیاترە،گرفت لەوە زیاترە،شێوەی ژیان لەم شاروشارۆچکەکانی گەرمیان و دەوروبەری ناڕەحەتە بۆیە دەبێ زیاتر لە جارێك بگەینە لای سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگا بەرپرسیارەکان و فشاریان بخەینە سەر بۆ ئەو مەستە.

### +داوات چی یە لەخەڵکی گەرمیان؟

-داوام ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەشێوەیەکی بابەتی،دوورکەونەوە لە قسەی ناو شەقام و بەقەد ئەوەی دەبێ خۆیان ڕێکخەن، ڕێکخراو و یەکگرتووبن لەخستنە ڕووی تێکڕای خەمی

گەرمیان بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانیان نەك بەمەبەستی ناشیرین کردنی هیچ لایەن و هیچ هێز و هیچ ڕێکخراو و هیچ دامو دەزگایەك .

**داواکاریت چی یە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە خەڵکی کوردستان بکات و بەتایبەت خەڵکی گەرمیان؟**

-چۆن ووتم خەڵکی گەرمیان دەبێ یەکگرتووبن دەبێ ریپکخراو بن وەدەبێ فشار لە سەر دەسەلأت دروست بکەن بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگیرێت ، ئاواش دەڵێم حکومەتی هەرێمی کوردستان گەر گوێ لە تێکرای ناوچە کەنار کەوتووەکان نەکرێت من برِوام وایە پەراوێز خراون و لەبیرکراون و بەقەد پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە،دەبێ بەرنامەی تایبەتی هەبێ بۆ بایەخدان بەکەنار و تێکرِای کەنار کەوتووەکان و گەرمیانیش لەچوارچێوەی ئەو بایەخدانەی حکومەتی هەرێم ئەبێ،بەپێچەوانەوە ئەگەر حکومەت بەرنامەی تایبەتی نەبێ بۆ ناوچە کەنار کەوتووەکان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی و ئەگەر گوێ لەخەڵکی ئەم کەنار کەوتوو پەراوێز خراوانە نەگرێت دەبێ ئەم پرسیارەش لەبەردەم خۆیدا بکات کە رِۆژێك لەرِۆژان دەکەوێتە بەردەم ئەو کەنار نشینانەوە و گەرمیانیش وەك بەشێك لەکەنار نشینەکان لەبەرئەوە دەبێ حکومەت گوێ لەخەڵکی کەنار بگرێ،گوێ لەخەڵکی گەرمیان و ئەو شار و شارۆچکە پەراوێز خراوانە بگرێ و لەگەڵ گوێ گرتنیان بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێ بۆ بەشارکردنی ئەو ناوچە کەنار خراوانە...لەم جێگایەشەوە دەڵێم گەرمیان دەڤەرێکی زیان مەندەو دەڤەرێکی داهێزراو و داشکاو لەسەر پایە جۆراو جۆرەکانیەوە پێویستە حکومەتی هەرێم بەپێی پسپۆرِی دام و دەزگاکانی و وەزارەتەکانی لالەم ناوچەیە بکاتەوە و گەنجی گەرمیانی بێ بەشن لە بچوکترین پێداویستیەکانی ژیان،بۆیە دەبێ دەسەلأت نەك وەك خێرومەندی بەڵکو وەك ماف پێداویستیەکانی گەنج و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای دەڤەری گەرمیان لالێ بکاتەوە و هەوڵ بۆ دابین کردنی بدات.